# نێچیرڤان بارزانی و باڵیۆزی نەرویج گفتوگۆیان لەبارەی ڕەوشی سیاسی و ئەمنی هەرێم و عێراق و ناوچەکە کرد

ئەمڕۆ چوارشەممە" نێچیرڤان بارزانی" سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ "ئیسپن لیندباك" باڵیۆزی نەرویج لە ئوردن و عێراق

پەیوەندییەکانی نەرویج دەخی ئامنی و سیاسی هەرێم و عێراق و ناوچەکەیان تاوتوێدکات .

لەبەیاننامەیەکی سەرکایەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە:- "نێچیرڤان بارزانی" سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ باڵیۆزی نەرویج لە ئوردن و عێراق تاوتوێی ڕەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان و گفتوگۆکانی هەوڵەر ـ بەغدا بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان و دەخی سیاسی و ئەمنیی عێراق و هەرێمی کوردستانیان بەگشتی کرد، هەروەک هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و دەخی شەنگال، تاوتوێ کران.

لە بەیاننامەکەی سەرکایەتی هەرێمدا ئەوەش هاتووە :- هەردوولا جەختیان لەو بڕەوودان بە پەیوەندییەکان و هاریکاریی هاوبەش بەتایبەتی لەو بوارانەدا کردەوە کە عێراق و هەرێمی کوردستان دەتوانن سوود لە پسپۆڕی و ئەزموونەکانی نەرویج وەربگرن، هەروەها هاوڵا بوون کە پێویستە ئارامی و سەقامگیریی عێراق بپارێزرێت.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:- باڵیۆزی نەرویج دووپاتی کردەوە کە وڵاتەکەی بە

بایەخەوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و ئارامی و سەقامگیرییان دەڵوانێت.

بۆیانناممکە ئۆشی خستەڕوو :- کە دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ڕژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕ لە ئێکراینا و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، تەوەرێکی دیکەی کبوونەوەکە بوو